# لێرە مێیەک بە ویساڵی شیعرم نادا



ئیسماعیل خورماڵی
xurmaly@yahoo.de

خودایە وا دیسانەوە
تەپ و نمی ماچە و
هەڵکردننەوەی بای جووانییە و
خوڕەی ڕەنگە و خوڕەی گوڵە و
من هەر دەمم وەک سێوەری لا چەمێکی ئەوێ
وە گژو گیا و وە پوونگەی بێدەنگییەکی تەڕ خنراوە !
خودایە وا دیسانەوە ، تەپ و نمی ماچە و
هەڵکردننەوەی (با)ی جووانییە و
خوڕەی ڕەنگە و خوڕەی مەمە و
من هەر دەمم وە بێ دەنگی قوفڵە و
وە پوونگەی سەوزە پوونگەی فیرقەت خنراوە
ئەوەتانێ ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا ،

وەی یارانی ئەختەر نشین و زوهرە و زوحەلی خودا
ئەو دەروێشەی سەردەمانێ
نوێژی تاقە شیعرێکی لێ نەڕۆشتووەوە و نەفەوتاوە
ڕۆژێ تەزبیحەکەی لە خەتمی دوولبەر پەرستان نەوەستاوە و
ڕۆژێ لەسەر ئەسپی زکر هەڵنەگلاوە و
دەمی پڕ نەبووەوە لە بەیبوون و حاجیلەی کوفر
ئەلعانی خواش
ئەوێک بەو هەموو جەسوورەتی عەشقەوە
ئەوێک بەو هوموو فڕینی نیشتیمانی سازان دەوە
ئەلعانی خوا
وەک بەلەمێکی کوون کەوتووی کەنار کەوتوو
ئاوی شیعر ،
وەلای ناوە و
نوتقێ بە دوولێوییا نایە و
وەک پەڕەسێلکەیەکی لانە ڕماوی پاسار ڕماو
دێڕێکی لێ هەڵنافڕێ و
وەک ڕۆژانی تەلا کۆڕی ئێوارانی ناو شار
ئەو ئێوارانەی تەنها گوێمان لە بانگی عەشق دەبوو
تەنها لەبەردەم گوفتی سەندراکاندا دەخەنین و دەنووشتاینەوە
تەنها وە لیمۆی کەنیشکەکانی ئەوێ ،
ئەو کەنیشکانەی لە چڵ و شەتڵی ئاگر دەچوون
ئاو دەڕژایە سەرمان
ئاو دەزایە دەممان
بە هەمسی وان دەبووین بەژێر مەوجی ختووکەوە
ئێستەش وەک بێژی ، پرسەی کۆڕی جوانییەو
خەزەڵوەری حەشاماتە
وا بەم هەمکە شیعری هیجرەتەوە
ئێوارەیەک
لەناو هەوری ئاپوورەوە
هەتاوی ڕوانیینی شەمێ
چاوێ ،
مەمێ
نایدزێ و

دوای فیرقەتی ئەو هەموو ساڵە بە ژەنگە
زەردەپەڕی میێک نایە و
مەخلووقێ لە هاوچڵانی سازان نایە و
وەنەوشەیەک بەویساڵی شیعری نادا و
هەر نەبێ نا ، بایەک ، بایەکی خوایی
دەسڕێ نهێنی ئەو هەموو بێ دەنگییەی نابا و
دەستێ ،
بەسەر ڕەفەی ئەو هەموو جنوون و متبوونەوە ،
دەس ناکێشێ و
دەسناکێشێ و
نەیی و نەیجەی ،
نەیسانێکی گوڵعوومەری پێناوەخشێ و
هەر نەوێ و نەوێ و نەوێ نا ،
بەو نەیەی بەر پشتوێنی لای خۆیەوە
سۆزێ ، لەئاهی خۆی پڕکا و
مەیلێ وە پایزی خورماڵ بەخشێ
مەیلێ وە وولاتی عەشق بەخشێ
ساڵگارێکە ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا
ئەی عەشرەتی عوشاقی گوڵ چامە و قەڵەم
هەر ڕۆژێ (عەشقە) دێ و
هەر ڕەشبەڵەکی هەنار و پەنجەیە دێ و
هەر شیعرە و دەبێ بە خێوەتی گۆرانی و
لێ ئەو ، مەرگ بە خۆی
هەر هەر دەمی قوفڵە و گازەن
هەر دەستی وا بە بەرۆکی قەڵەمەوە و
هەنار لەچاوی کوڕوکاڵی ڕۆژنامە دەدزێتەوە و
گوێزی تەڕ و بەیتی تەڕی ،
لە سێوەری کۆڕ و گۆواران دەدزێتەوە و
مێ نییە و
شەم نییە و
بەڵام بەڵام
نازی شیعری
بە شەرابی

کۆنە گۆزەی کۆنە سالآن دەفرۆشێ و
مێ نییە و
شەم نییە و
شەراب نییە و
بەلآم
سەری شەربەی کۆنە خەمی ،
بەسەری خۆی چنگ ناکەوێ و
لاسکە هەوالێکی ،
لە گوێ سەکۆی هیچ لایەک شین ناوێ
یاران .. ئەو هێن بێ دەنگ و خامۆشەن
خامۆش
خامۆش
هەتا بە گۆڕ غەریبێکیش ناوزەن ناوێ !
مەرگ وە خۆم
جودابیتان یاران
(سێوەر)سانی (قەور)سانە و
(عەزاو)سانی قەورسانە
ئامانتان بم ،
وەی گوڵخەنەرانی وولآت ، بموەخشن سا
گەر عەیامێکی سیا عەیام و تاڵە
ئاونگی شیعرم نەدابێتە چیمەنی خوێندنەوەتان ،
یان وورده ماسی ختووکەی حەرف و
سیمی کراسی چامە و
قاوەی گەرمی وێنەی جوانم
پێ نەدابن و
لەتەک سوبحی خوێندننەوەی ڕۆژنامەیەکدا
من چایەکی بە هالآوی
سەر مقەڵی چایخانە دەسگێڕەکانم
لەبەردەمدا
دانەنابن و
یانە یاران ئێوارەیەک
بە کەبابی ،
ئێوارەیەکی بەهمەن و پڕ لە پرووشەوە

نانی چەور و
ترشی بەیت و
جامێ ترشیاتی خۆمانەم
لە بەردەم دا دانەنابن
دەمبوورن یار و یاوەری شیعر
زەمانێکە
وەکوو جاران
کۆلارەی شیعر هەوای ئاسمان نادەم و
وەکوو با بە دووی مەلەکی دەغڵا هەڕا ناکام
چیبکەم یاران لێرە مێیەک
بەویسالی شیعرم نادا و
لێرە مێیەک
وە بورکانی عیشقم نادا
خودا خۆم ڕۆ
خۆم لە گوڵخانەی مەکر و فڕین نایەدەر
خۆم لە چاوی سیبیا چاوان کێشایە دەر
خودا خۆم ڕۆ
چۆن گڕم لە خەرمانی هەنارستان نا و
مەقەستم لە باڵی فڕینی قەڵەم نا و
ڕێی تەواشای شارم وە بەردی دۆزەخ کەڵەک کرد و
وە کوفری ئەم هیجرەتە من چۆن تێکەوتم و
توانیم پشت لەئایەی ژووان و
پشت لەژووانی نازۆلانی شارەکەم کەم
خودا هاوار
ڕەش بوومەوە لە هیجری شار
ڕەش بوومەوە بە تەنیایی
ڕەش بوومەوە وە بێ دەنگی
خودا خۆم ڕۆ ئێرە بۆ من
عەیشی چ بیابانێکە

ئەڵمانیا / 2006